# زەبروزەنگ، وەک سەرچاوەی ئابووری



٥ هۆکار، لەبەرچی جەنگەکان، چیتر بە دروستی کۆتاییان نایەت.

نووسینی: پرۆفیسۆر هێرفرید میونکلەر و. هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠١٩/٥/١٥

لە مێژووی ئەوروپادا، سەدەی ١٩، بە قۆناخی ئاشتی دادەنرێت. سەردەمی نێوان کۆنگرەی ڤییەنا و جەنگی جیهانی یەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا مەرجداربوون.

کاتی خۆی زنجیرەیەک شەڕ لە ئەوروپا ڕوویانداوە، وەک شەڕی کریم/ قریم،یاخود شەڕی یەکگرتنەوەی ئیتالیا یان ئەڵمانیا. چ لە ڕووی کات و چ لە ڕووی شوێنەوە شەڕی سنوورداربوون و زۆربەی کات بە جەنگێکی یەکلاکەرەوە کۆتاییان پێهاتووە. پاشان ئاشتی بەستراوە. بە نزیکەیی هەمیشە شەڕەکان چەند مانگێکیان خایاندووە. پەلاماری سیستەمی کۆمەڵگایان نەداوە، بەڵکو لەگۆڕینی سنووری سیاسی دا، بە سنووردارکراوی ماونەتەوە.

شەڕ لە ڕووی کات و شوێنەوە بەیاسا ڕێکخراوە، دەتوانێ بەئاشکرا خۆی ببەستێتەوە بە بیرۆکەی ئاشتی درێژخایەنەوە. ئەوە شتێکی جیاوازە هەر هێندەی شەڕەکان زیاتر بخایەنن، نەتوانرێ بە ناوچەیی بکرێن و هەروەها بەپێی ڕێنماییەکردنی ستراتیژێکی چۆک پێدادان و تێکشکان ببرێن بەڕێوە، بەڵکو ببنە شەڕێکی ماندووکەر و شەکەتئامێز.

لە شەڕی ٣٠ ساڵەی ١٦١٨-١٦٤٨، دا ئەوە وابوو، دواتر سەرلەنوێ لە هەردوو جەنگی جیهانی سەدەی ٢٠ دا . لە کۆتایی هاتنیان دا مرۆ گەیشتە دەرئەنجامێک، پێویستە شەڕ لە ئامرازەکانی سیاسەت دا بسڕێتەوە.

١٦٤٨و ١٨١٥ لە ئاشتی ڤێستفێلیشە/ Westfälischen Frieden *،(ناوی ناوچەیەکی ڕۆژئاوای ئەڵمانیایە و ئاشتی تێدابەستراوە. و). لە کۆنگرەی ڤییەنناش، مرۆ هەر بەوە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، یاسا و ڕێسایەک بۆ شەڕ دابنێ و تێیدا لە ڕووی شوێن و کاتەوە، مشووری شەڕ سنوردارکردن بخوات. چارەسەریش بۆ ئەمە، مۆنۆپۆلی دەوڵەت بوو، لەسەر مافی جەنگ. مرۆ شەڕی ڕووبەڕووی ئاوەزی دەسەڵاتدارەکان کردەوە، لەسەر ئەو باوەڕو متمانەیەی، ئەوان بەو پێیە ، پارێزی دەکەن و زاڵدەبن بەسەر هەژماری ـ تێچووی ـ قازانج دا.

ئەم متمانە پێکردنە ساڵی ١٩١٨ و ١٩٤٥ نەما. هەنووکە مرۆ گەرەکێتی شەڕ بەتەواوی بەرەو نەمان بەرێ. بۆ ئەمە مرۆ پێویستی بەدەسەڵاتیکە، لە مشوری ئەوەدا بێت، هەرکەسێ بە پێچەوانەوە مامەڵە لەتەک قەدەغەکردنی شەڕدا بکات، هیچ قانجێکی لێوە بەدەست نەهێنێ.

ئەمما نە کۆمەڵەی گەلان و نە نەتەوە یەکگرتووەکان، نەبوون بەو دەزگا و شێوە هێزە. هەروەها هێزە گەورەکان، تەنها کاتێ دژی ئاشتی تێکدەران دەجوڵێنەوە، لەو کاتانەدا کە لەبەرژەوەندی ڕاستەوخۆی خۆیاندا بێت. هەر لەم ڕووەوە، ئەوە پێش چەند ساڵێ هێنرایە پێشەوە، "بەرپرسیارێتی بۆ پاراستن"،"responsibility to protect، هیچی نەگۆڕی: لە بنچینەدا، هیچ کەس دەرک پێ ناکرێ، ئامادەبێ داواکاری کۆتایی پێهێنانی شەڕ جێبەجێ بکات، یاخود لە توانایدا بێت. مرۆ خۆی، بە داواکارییەکانی لە لایەنەکانی شەڕ ڕازی دەکات، ئەوانەی کە توانای گرتنە ئەستۆی هیچ ئاکامێکیان نییە.

بەڵام بۆچی ئەم ئاوەزمەندییە، هانا نابات بۆ هەڵسەنگاندنی عەقلانێتی، کە بنچینەی سنووردارکردنی ڕژێمی شەڕەکانی پێشوو بوو. کە زۆربەی کات، لە پەرۆشی ئەوەدا بوو، جەنگ کۆتایی بێت، کاتێک کە سوود و قازانجی مەعقول، زیانی چاوەڕوانکراو تێدەپەڕێنێ؟.

هێشتا هەر لەهەندێ ناوچەی جیهاندا سەروکارمان لەتەک شەڕدا هەیە. تێیاندا، زیان دووری و دووری دەبەزێ، بۆ نموونە لەو شەڕەی ٤ دەیەیە لە ئەفریقا و لە شەڕەکانی ناوەوەی ئەفغانستان و دەوروبەریدا و لە شەڕەکانی دوای بەهاری عەرەبی

هەڵگیرساون. هەموو ئەم هەرا و کێشانە، بەوە جیادەکرێنەوە، کە بەهیچ شێوەیەک یاخود پەراوێزئاسا بەشەڕی دەوڵەتان دادەنرێن. بەڵکو لە گەوهەردا بەشەڕی ناوخۆ دادەنرێن، کە بەپێی ئەقلانێتیکی تر یەکلایی دەکرێنەوە .

ئاکامی دوا ئاڕاستەکاری ئامێرێتی،یەکەم ڕەهەندی ئێکسیستەنسیل/ وجودی دابەدەستەوە،کە هەرجۆرە پێکهاتنێکی/ کۆمپرۆمیسێکیCompromise مەحاڵ کرد. کلیلی ئاشتی لەسەر کۆمپرۆمیس وەستاوە، تەنانەت گەر سەرکەوتوو و دۆڕاوی ئاشکراش هەبن. لەهەر جێییەک حاڵەتەکە ئەمە نەبێت، کلیلی ئاشتی خۆی تەنیا لە ئاگربەست دا نیشان دەدات. ئەوە وەڵامی دووەمی پرسیارەکەیە، بۆچی شەڕەکانی ئێستا، کۆتاییان نایەت: ئەو ڕژێمە دوانەییانەیbinarity. دوای ڕێسای ڤیستڤێلیشەی ساڵی ١٦٤٨ پەرەیان سەند، سنوورێکی توندیان ڕاکێشا لەنێوان شەڕی دەوڵەت و شەڕی ناوخۆدا، ئیدی کار ناکات. بەردەوام زۆر جار هەردوو شێوەکە تێکەڵ یەکتر دەبن. شەڕەکان وەک شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکەن، کەچی لەناکاو دەوڵەتەکانی دەوروبەر ڕۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕن.

بەم شێوەیە جەنگی سەرووندەوە دەخولقێ، تێیدا تێکەڵکردنێکی هەراکان لەنێوان کۆمەڵگا و نێو دەوڵەتەکان دا دەکرێ. شەڕەکان بەو جۆرە ئالۆز دەکرێن، کە ناتوانرێت چیدیکە لەڕێگای کلیلی ئاشتی ئاسییەوە کۆتاییان بێت: کاتێکی زۆر دەخایەنێ لە پرۆسەی ئاشتی دا.

لەدوای کۆتایی جیاکردنەوەی ئاشکرای نێوان شەڕی دەوڵەتان و شەڕی ناوخۆیی، شەڕی ئابووریی بە ئاشکرا جێی گرتۆتەوە. لە شەڕی داخراوی ئابووریدا، هەر ئەو کەرەسانە لەبەردەستدان، لە چوارچێوەی ئەو ڕووبەرەی لایەنەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. گەر ئەوانە/ کەرەسەکان تەواو بن، شەڕەکانیش کۆتاییان دێت. کلاوزەڤێز Clausewitz ئەمە ناودەبات بە "دامرکانەوەی بورکان".

لەشەڕی ئابووری ئاشکرا و کراوەدا، بەردەوام پارە و چەکی بەلێشاو لەبەر دەڕوات، زەخیرە و شەڕکەران، لەناوچەکانی جەنگ. لەسەردەمی کەناڵە سێبەرەکانی گلۆبالیزم دا، کاری قەدەغەکردن و ئابلۆوقەی چەک زۆر بەکەمی سەرکەوتوو بووە. ئەوە بەگشتی لە شەڕی نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاودا وا بوو لەوەتەی تەواوبوون قەبارەیەکیان بەدەستهێنا. لەو میانەدا هاوکارییە دەرەکییەکان خۆیان فراوانتر کردووە. بەو پێیە لایەنی بکەر/ ئاکتۆری زیاتر وەک هێزی پشتیوانی دەرەکی دەردەکەون. هاوشانی ئەمەش ژمارەی لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ زیاد دەکەن. ئەمەش وەڵامی سێیەمە.

ڕەنگە گرنگترین هۆکار بۆ درێژەکێشانی شەڕی نوێ لەوێدا بۆی بگەڕیین، کە لە خۆیاندا، لیستێک لە ئاکتۆر/ لایەنی بکەر هەیە، کە بە "شەڕ دەژین"کە زەبروزەنگ و هەرا لە ئامرازێکی سیاسییەوە دەکەنە سەرچاوەیەکی ئابووری . بێگومان ئەوکات چ بەرژەوەندییان نییە شەڕ کۆتایی پێ بهێنن ـ کوێخاکانی شەڕ لەبەرئەوەی مافی زیادکردنی سەرمایەیان لێ دەسێندرێتەوە و کەسەکانی دوایان کەوتوون، نەک لەبەرئەوەی دەگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەشی هەرە سەخت و دژوار ئەوەیە، گەر شەڕ درێژە بکێشێ، گەڕانەوە بۆ ژیانێکی تەندروست و ئاشتی ، سەخت و سەختر دەبێت.

یەکەم جار نەوەیەک گەشەی کردووە، کە شتێ نازانێ لەمەڕ شەڕی هەڵگیرساوەوە، جگە لەمانەوە لە ژیاندا لەسەر شەڕدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە. بەم جۆرە بۆتە مەحاڵ ڕێکەوتن لەسەر کۆتایهێنان بەم شەڕە بەشێوازێکی ئاشتی . ئەمەش چوارەمین وەڵامە.

ئەوەی دەکرێ، لە گێڕانەوەی بونیاتنانەوەی شیکاریی دا لە یەکتر جیا بکرێتەوە، لەلایەن چاودێرێکی دوورەوە، خۆی لە ڕووداوی واقیعیدا دەبینێتەوە، زۆربەی کات تێکەڵن : هەروەها ئیمکان نییە هەموو ئەو هۆکارانەی لێرەدا ئاماژەیان پێدراوە، بەردەوام بەدەست بێن و بدۆزرێنەوە. لەهەندێ باردا،یەکێ هەر هیچ ڕۆڵێکی نییە، لەکاتێکدا یەکێکی تر ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێ. لەسەروو ئەمانەشەوە تێکەڵەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی هۆکارەکانی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان.

شەڕە کلاسیکییەکان بەوە ناسراون، ڕامانکردنی ڕێساکانییان تێیدا بووە بە یاسای بنچینەیی بەڕێوەبردنی شەڕ (ئەمەش مانای وا نییە، کە لایەنەکانی شەڕ هەمیشە بەمەوە وابەستە بوون ). بەڵام بەم شێوەیە شەڕە نوێیەکان بەوە ناسراون، کە بێ یاساو ڕێسا بەڕێوە دەبرێن، کە ئاستێکی بەرزیان لە ماڵوێرانی لێدەکەوێتەوە. لەمەوە تۆڵە و تۆڵە سەندنەوە سەرهەڵدەدات، کە بە بڕیاری دروستی کەسێک بێلایەنی لایەنی سێیەم دەتوانرێت کۆتایی پێبهێنرێت. ئەم لایەنی سێیەمە لەشەڕی ناوخۆ/ ئەهلیدا نییە. پێویستە ڕەتی توندی تێژییەکی چەشتویەتی بداتەوە و هەروەها دەبێت تۆڵەی سووکایەتی

پێکردن بکاتەوە، کە ڕووبەڕووی بۆتەوە ، بەرلەوەی مرۆ بتوانێ دەست بکات بە گفتوگۆکردن بۆ کۆتایی پێهێنانی زەبرەزەنگ .

لەبەرئەوە هەمیشە یەکێک هەر دەبێت، کە هێشتا لەسەرێتی هەژمارەکە/ فاتورە،invoice بدات، کە دەبێتە مایەی کردنەوەی هەژماری نوێ. ئەوە پێنج هۆکارەکە بوون، بۆچی شەڕەکانی ئێستا، لەخۆیانەوە تەواو نابن و بەدەگمەن ڕێگەش دەدەن تەواو ببن.

/////////////////////////////////////

هێرفرید موینکلەر.پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانستگەی هومبۆلدت.

________________________________.

- پەیماننامەیەکی ئاشتییە لە شاری مونستر و ئۆسنابروکی ئەڵمانیا لە نێوان ١٥,٥- ٢٤,١٠ ساڵی ١٦٤٨بەستراوە. بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە شەڕی ٣٠ ساڵەی ناو ئەڵمانیا و شەڕی ٨ ساڵەی سەربەخۆیی هۆڵەندە، کۆتایی هات.